# حەزێک بۆ خۆ لە بیرچوونەوە

سارا عومەر، دانمارک
Xozga86@hotmail.com

بریا بمزانیبا
تا کەی ئەم ژینە ئاڵۆزە
شوێن پێ خنجیلانەکانم
لە چۆڵەوانی بیابانی ئەم غەدرەدا
ئەداتە دەم گڤەی با
منێک
کە لە پچووکترین پیت
گەورەترین وشەی بۆ ئەهۆنمەوە
لە شەیداترین دڵ
شێتانەترین خۆشەویستی بۆ ئەدۆزمەوە
من کە لە بانیژەی سەرتەندووری
ئەم جەستە لادێیانەم
تەندوورێک بە پشکۆی دەرونم دادەخەم
لێکدا لێکدا دەستی شەرمم درێژ ئەکەم و
نمەکی کولێرە چەورەکانی
بەرچایی بەرەبەیانێکی زامدار
ئەنێمە دەمی زەرنەقوتەی
چاوەڕوانییەکانی گەڕانەوەی زەمەن
منێک
ئەوەندەی مەلوولی حەزێک بۆ خۆ لەبیرچوونەوە

تامەزرۆی گریانێکم،
قووڵپاوی توند تر لە شەپۆلی زریانێک
کە بەزیندوویی لە ئێوارەکانی مەرگەساتددا
ـ دوور لە هەستە بەزەییەکان ـ
ئەم دڵە وردەم
بە گڕی هەناسە ئاگرینەکانی قەدەر ئەسووتێت
ئەو قەدەرەی کە بڕیاربوو
بمکاتە کچی ژیانێک و
دەستم بگرێت بەرەو فەزایەک لە سۆزی دایک
ئەو قەدەرەی کە بەڵێنی ئەدا
دەستی باوکایەتی
بە سەرو سیمای مات و بێنازما بهێنێت و
بەر لە ڕۆیشتن، ڕێگام بدات
کفنی سپی وردو خاش بوونی چراکەم
دواجار ماچ بکەم..
من دڵنیام ئەم ژینە ئەمبیستێت
دڵنیام ئەزانێت
لە ژوورە تاریکەکانی دڵمدا
ئەبێ دایگیرسێنم
دڵنیاشە.. کە من لە چاوەڕوانی
والاکردنی دەرگاکانی سینەی بەهەشتا
هەناسەکانم قووڵتر و
قووڵتر و

**قووڵتر ئەبێت**

**ڕێگا خامۆشەکان**

**بۆ دیتنی فێنکی هەستە ئاسۆییە ئەرخەوانیەکانی**

**هاوڕێیەتی بەرائەتێک**

**لەو دیو خەیاڵەکانی خۆمەوە**

**دوورتر و**

**دوورتر و**

**دوورتر ئەبێت..**

2006/08/24

**• • •**